السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# عبدالرحمانی کوڕی عەوف وزوبێری کوڕی عەوام -ڕەزای خوایان لێبێت-، سکاڵای هەبوونی (ئەسپێ) لە لاشەیان بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێنا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «عبدالرحمانی کوڕی عەوف وزوبێری کوڕی عەوام -ڕەزای خوایان لێبێت-، سکاڵای هەبوونی (ئەسپێ) لە لاشەیان بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێنا لە یەکێک لە غەزاکان (لە هەڵمەتەکانی ڕزگارکردن)؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووخسەتی پێدان بە پۆشینی جلی ئاوریشم، و (ئەنەس) دەڵێت: وبینیم کە لەبەریاندا بوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە ئاسانکاری ئاینی ئیسلام ئەوەیە کە ڕێگە دەدات بە بەکارهێنانی شتێک کە حەرام کرابێت لە کاتی پێویستیدا، وئەو کەسەی ئەم شەریعەتەی داناوە -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی دا بە زوبێر وعبدالرحمان -ڕەزای خوایان لێبێت- بۆ پۆشینی جلی دروستکراو لە قوماشی ئاوریشم هەرچەندە لە بنەڕەتدا حەرامە بۆ پیاوان، چونکە ئەم جۆرە جلە دەبێتە هۆی درووخستنەوە ونەمانی (ئەسپێ) لە لاشەدا چونکە سروشتی ئەم جۆرە قوماشە کە خودا بەم شێوەیە دروستی کردووە وا دەکات کە (ئەسپێ) لەسەر پێست نەهێڵێت وهەروەها چارەسەری تێدایە بۆ هەستیاری (حەساسیەت وخوراندن)، وهەمان حوکمی هەیە بۆ هەرکەسێک حاڵەتی وەکو ئەم دوو هاوەڵە بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2970

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee